خالد جوتیار:

# زمانی لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆر پێویستە زمانێکی بەرهەمهێنەر بێ نەک وەسفکردن
# ١ - ٢

*** ژیانی گوند و فەرهەنگی کەلەپووری میللی و ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی تا چەند ئاوێتەی کارە ئەدەبییەکانت بوون؟**

– گوندەکانی کوردستان ئەگەر بەراورد بکەین بە گوندی ولاتانی دنیا، ئەوانەی ئێمە زۆر دواکەوتوون، لە هەموو بوارەکانی ژیان، فەرهەنگی ژیان و گۆڕانکارییەکان فراوان نییە، بەلام واتای ژیان لای خەلکی ئەو گوندانە فراوان و ئاسۆیەکی پڕشنگداری هەیە، تەقسێک هەیە بەردەوام رووی جوان و گەش پیشان دەدات و لێکدانەوەمان دەخاتە مەودایەکی فراوانتر، فەزایەکی رەها و بێ سنوور هەیە لە بۆچوونی ژیان و هەلسوکەوت و جموجۆلەکان دەخاتە مەودای رامان، ژیانی گوند بەپەیوەندی کارە



خالد جوتیار

جوان و ناشیرینەکانی بەرەو گەورەییت دەبا، بۆیە لە ئەنجام شارنشینەکان بەرەو کولتووری بێگەردی گوند دێنەوە. جموجۆڵێکی چوار وەرزی بەردەوام و بەگوڕ هەیە مانای جوان دەبەخشێتە ژیان، ئەو بزاڤە بەرهەمی فۆلکلۆری بەبرِشتی بەخشیوەتەوە، سەرباری ئەوەش پەروەردەی منداڵ دەکەوێتە خانەی چەمکە پڕ بەهاکان بۆ ئەوەی لە ئاکام تاکێکی سوودبەخش و رەوشت بەرزی لێ دروست ببێ، شەوانە حیکایەت و سەربردە گێڕانەوە مێشکی منداڵ بەرەو کرانەوە و پشکوتن دەبات و وای لێ دێ پرسیاری گەورە لە بەرامبەرەکەی بکات، حکایەتەکان کە بەشێوە تەجریدییەکەی دەکەوێتە خەیاڵی منداڵ جوولەیەک دەخاتە دەمارەکانی مێشکی و بۆخۆی فانتازیایەک شیرازە دەکات، ژیان قەشەنگ و واتادارتر بکات، بۆیە گێڕانەوەی حەکایەت بەرامبەر تێکەڵی رووداو دەبێت و خۆی بەبەشێک دەزانێ، ئەم ژیانە بەو جۆرەی ئاوێتەی بیرکردنەوەم بووەو هەموو جموجۆڵەکانی لە شایی و شین و کاری رۆژانە بەبارێکی وردی زانستی دەروونی شیدەکەمەوە. من لەشیعر نووسیندا هەمیشە لەگەڵ تارمایی دەدوێم، شیعر لە تەقسی ترس و رەهایی دەبینم، تەنانەت ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر ئەفسانەو حکایەت بڵاوم کردۆتەوە لەزەمەنی بەسەر چوو نادوێم، بەڵکو زەمەنێک هەیە بەردەوام لە جووڵە دەخاتەوە دەقی سەرزاران و نەمری دەبەخشێ، گوندنشینەکان بەدرێژایی ساڵ کێشەیان لەگەڵ سروشت هەیە ئەوەندەی خەریکی دیاردەکانی سروشتن، ئەوەندە خەریکی یەکتر نین، بۆیە هەودای رامانیان لەسەر کارە بونیاد دەنێنەوە.

*** بەر لە ئیشکردن لەسەر توێژینەوەی تێکستە فۆلکلۆرییەکان چۆن مامەڵەتان لەگەڵ ئەو کەلەپوورە کردووە؟**

– من ژیانی هەرزەکاریم لە گوند بووە، هەموو ئەو کارانەی پێویستە جوتیارێک بیکات کردوومە، لە جووت و دروێنە و کوتان و قوڕکاری و بێستان. بەتایبەتی گوندی (لێهبان) کە شەش ساڵ تەمەنی قۆناغی سەرەتاییم لێ بەسەر برد، ئەو گوندە خۆی بەشێک بووە لەو حیکایەت و خورافات ە ئەفسانەی دێو و جنۆکە، هەمیشە لە قووڵایی خەیاڵێکی تێکەڵ بە ترس و تۆقان دەژیام ئەو ژیانە پێویستی دەکرد بە جورئەت بم، ئەو توانایەم لا دروست ببێ تەنها رووبەڕووی ترسێکی نادیار ببمەوە خەیاڵ و بیرکردنەوەی سەردەمی هەرزەکاری ئەگەری توند و بەهێز و لاملی تێدا نەبێ کەسێتی ئەو منداڵکارەیە ئاماژەیەکی تر وەردەگرێ سەرباری ئەو کوندەش پلکم حەکایەتخوانێکی زۆر بەتوانا بوو، ئەوەندە بە جوانی چێژی دەخستە گێڕانەوەی هەستم دەکرد پاڵەوانەکان وا لەبەر چاوم دەجوڵێن بەتایبەتی ئەو حکایەتە دوورودرێژانەی بەشەوێک تەواو نەدەبوون، وەرزی هاوین دنیایەکی پڕ جووڵەو بەرهەمی فۆلکلۆری بوو"، لە زبارە و ساوار کوتان و شەنبا.. مەشکە هەژاندن، قوڕکاری، هەر هەموو ئەو کارانە بە گوتن تەواو دەکراو هەر بابەتەش ئاوازی تایبەتی هەبوو، ئەو هەموو تێکستە بەجارێک ببوونە سەرچاوەی زەوق و بەتامکردنی ژیان و ئیشکردن، حەزم دەکرد بچمە دروێنە بۆ ئەوەی گوێم لە گۆرانییەکان بێ، شایی رەشبەڵەک پێشان تەقسێکی تایبەتی هەبوو، پڕبوو لە گوتنی شایستەو ئاوازی پڕ جووڵەو نەریتی کۆمەڵایەتی، ئەو هەستکردنە وای لە خولیای کۆکردنەوەی هەندێ بەرهەم بم و تۆماریان

بکەم ، ساڵی ١٩٦٩ دەرفەتێکم لە کۆمەڵە بابەتێکی وا پڕکردەوە، هەندێ لە خزمە بەساڵاچووەکانم لە گوتنەوەی پەند زۆر شارەزا بوون، هەندێکی دی شمشاڵ ژەن بوون، سەریاری سەین و بەینە سەیرەکانی (بۆرەی قەیرانی) کە ببوە ویردی سەرزاران، ئەمانە حەکایەت بوون لە قۆناغی ناوەندی زیاتر لە بەرامبەر جموجۆڵە فۆلکلۆرییەکان دەوەستام و پرسیارم دەکرد لە هۆی کردەوەکان، لای دووەمی حەیران بوو، لە هەموو بۆنەکان حەیران بێژ بەدەنگی خۆش و بەندە جوانەکانیان سەرنجی خەڵکیان بۆ گوتنەکان دەبرد، لە دەرەوە گوند و شوان و جوتیار هەمیشە لەو دەشتە چریکەیان دەهات و گازی کیژە دارکەرو ڕێبوارەکانی دەشت و بنار چیایان دەکرد، ئەوە چەند خاڵێکی دیاری بەر لە سەرنج و لێکۆڵینەوەکانم بوو، پێش ئەوەی لێکۆڵینەوە بکرێ دەبێ بەوردی ئەو کەرەستە فۆلکلۆرییانە ئامادەبوونێکی پڕ گیان و بەهەستیان هەبێت پێشتریش من قەت هەموو بەرهەمێکم بەدڵ نەبووە، نموونەم وەرگرتووەو لەسەری دواوم، بەم جۆرە کۆمەڵە سەرنج و تێبینییەکانم لا گەڵاڵە بوو، بەدوای وەڵامەکانی دەگەڕام.

*** لەو بوارەدا تا چەند لە توێژینەوەکانی خۆتان بە سەرکەوتوو دەزانن؟**

– گوتم بەرلەوەی کاری لێکۆڵینەوە بکەم پێشتر سەرنج و تێبینییەکانی خۆم لەسەر بوارە جیاجیاکانی کەلەپوور تۆمارکردو هەندێکی بەنووسین و هەندێکی لەخەیاڵ ئەوە ریشاڵی سەرەکی لێکۆڵینەوەیەی دەبێ بزانی چی دەکەی یان لە چی دەدوێی. ماوەیەکی زۆر خۆم خەریکی خوێندنەوەی دیراساتی فۆلکلۆری کرد، بەتایبەتیش هەندێ کتێبی زۆر نایابی ئەم بوارە کە مێشکمیان کردەوەو ئاسۆیەکی فراوان و گەشیان بەخشییە بۆچوونەکانم، من ئەگەر تێبینیت کردبێ لە (جوزئیات) دەدوێم یان مۆتیڤە وەردەگرم دەیکەم بەبابەت بەپێچەوانەی زۆربەی فۆلکلۆریستەکانی تر، ڕووبەر داگیرکردن مانای وانییە لێکۆڵینەوەکە سەرکەوتووە، ئەمە شاردنەوەی پەڕەی نووسینە، گرنگ ئەوەیە لێکۆڵەر بتوانێ لە ئاماژەکان کاری بەرزو بەتوانا ئەنجام بدات و بۆچوونی تازە بدا، من لە دنیای لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆری کوردی هەموو بەرهەمێکم بەدڵ نییە، چونکە بەر لەوان لە بەرفراوانی فۆلکلۆر دەگەم، ئەوان بەرهەمەکان شەرح دەکەنەوە و درێژدادڕی دەکەن کە هیچ واتایەک ناگەیەنێ، زمانی لێکۆڵینەوە پێویستە زمانێکی بەرهەمهێنەر بێت، نەک وەسفکردن، لێکۆڵینەوە لەسەر بەرهەمی خەڵک دەچێتە باری زانستی مرۆڤایەتی، بۆیە دەچم لیڤی شتراوس و ڤون دیرلان و فریزەر دەخوێنمەوە. من بەو گفتارم لە هەوڵی خەڵکی تر کەم ناکەمەوە، بەڵام دەڵێم زۆربەی بابەتەکان ناچێتە خانەی لێکۆڵینەوە، بۆیە بەرهەمەکانی خۆم لەناو بەرهەمی خۆمانە زۆر بەسەرکەوتووی دەبینم هەست دەکەم وەک هاوڕێکانم ئەوانەی لەبواری کایەکانی مەعریفەدا ئامادەبوونی دیاریان هەیە وا دەبینن و نرخاندنێکی بەهەند دەدەنە نووسینەکانی من.

*** دەقە فۆلکلۆرییەکان چەند کاریگەری بەسەر داهێنانی دەقێکی ئەدەبیتدا هەبووە، بەتایبەتی کە سەرەتاکانی نووسینت بە شیعر دەست پێکرد؟**

– من لە خوێندنەوەو نووسینی شیعر سوودێکی زۆرم بینی، چونکە زمانی پاراو کردم و لە ئاماژەکانی گەیشتم، لە درێژدادڕی دوور کەوتمەوە، فێر بووم شیعرییەت لە هەموو بواری

ژیان ببینمەوە، سەرەتا بە شیعر دەستم پێکرد، باوکم مەلایە هەندێ دیوانی شیعری شاعیرانی هەبوو، کە هاورێ مەلاکانی دەهاتنە ماڵەوە، دەبووە موناقەشەی شیعر، بەتایبەت شیعری نالی، بۆیە لەبەرهەمە قورسەکانەوە لە شیعر نزیک بوومەوە، بۆ یەکەمجار ساڵی ١٩٦٩ شیعرێکم نووسی، دوای ساڵانی حەفتا هەندێ شیعرم بڵاوکردەوە هەر کاریگەری فۆلکلۆرییان بەسەرەوە بوو، بیرم کردەوە شیعر مەودایەکی فراوانە بۆ توانا دەربڕین یان بۆ تەوزیفکردنەوەی میتۆلۆژیا لە شیعردا، بۆیە لەساڵی ١٩٨٥ جارێکی تر دەقی داستانی (گلگامش)م خوێندەوەو دوای چەند مانگێک شیعرێکم لە گۆڤاری بەیان بڵاوکردەوە بەناوی (شەوێکی مەیخانەی ئۆرۆک) لەوێوە بینای تازەی سەربردەی نادیاری مرۆڤم کردەوە بە هەوڵێکی تر و بواری ئەفسانەی بوونی ئینسانم خستەوە دیدی سەردەم، لەوێ گێچەڵەکانی بوون سەریردەی پڕ نهێنی و گرفتەکانی مەرگ و نەمری بوونە تەونی بیرکردنەوەکی تر.

من لە وەرگرتنی چەمکی ئەفسانەیی بۆ دنیای شیعر هەوڵ دەدەم سەرلەنوێ کارێکی تر بخولقێنم نەک تەوزیفکردن و لەناو کەوانە دانان و تەنها ناوهێنانی شاعیر کە مامەڵە لەگەڵ کەلەپوور دەکات، ئەگەر نەتوانێ جارێکی تر خەج و سیامەند و دم دم و مەمی ئالان... بخولقێنێ چی دەکات، دەق خولقاندنەوە کارێکی شاعیرانەترە. ئەوەتا ساڵی ١٩٨٨ لە ژمارەی ٧ی نووسەری کورد دەقی (قەڵای دم دم)ێکی ترم نووسیوە، من لە دم دم و کارەساتەکان دەگەم یان وەک کەسێک لەو بوارە چۆن داهێنانێکی تر لەبواری دەقێکی فۆلکلۆری دەنووسنتەوە، بۆیە لە شیعر نووسیندا هەمیشە دەقە زیندووەکانی فۆلکلۆری کوردی لە خەیاڵی من بوونێکی پڕ جموجۆڵیان هەیەو لە هێماکانیان شتی تازە فێر دەبم.

*** ئەی بەڕای تۆ نووسەرانی کورد توانیویانە سوود لەو کەلەپووره وەربگرن لە تەوزیفکردنی چیرۆکە میللی و داستان و ئەفسانە کوردییەکان؟**

– کە دەڵێین نووسەرانی کورد پێویستە سنووری ناوهێنانەکە تەسک بکرێتەوە، چونکە لەو رووبەرە فراوانە ناکرێ هەموو نووسەران وەک یەک سەیر بکرێن، لە رووی توانای نووسین، دەتوانین سەرەتایەکی باش دەستنیشان بکەین، چونکە بنەمای زۆربەیان لەفەزای بەشەکانی فۆلکلۆر دەست پێدەکات، نووسەران واتە شاعیر و چیرۆکنووس و رۆماننووس و فۆلکلۆریست نین، لەلایەک بابەتی فۆلکلۆری کۆبکەنەوە لەلای دیکەوە بواری نووسینی ئەدەبیات. دیارە ئێمە مەبەستمان نووسەرە دیارەکانە، بۆیە دەتوانم بڵێم زۆریان لە بەشەکانی فۆلکلۆر وەرگرتووە، بەتایبەتی ئەفسانەو داستان، من لە سێ بەشی نووسینێکم کە لەساڵی ١٩٨٦ لە رۆژنامەی هاوکاری بڵاوکرایەوە، سەرەتایەکی بەرچاوی ئەو سوودوەرگرتنەم لە ئەدەبیاتی کلاسیکی تا ساڵانی ١٩٨٠ خستە روو کە چەند هونەرییانە مامەڵەیان لەگەڵ کردووە، شاعیران لە دەستەی پێشەوەن، لایەکی دیکەی چیرۆکنووس و رۆماننووسەکانن ئەوانیش تا رادەیەکی باش لەو مەودایە کاری جوانیان نووسیوە، ناکرێ لێرە باسی هەندێکیان بکەم، ئێمە بەگشتی باسیان دەکەین.

*** ئەی تا چەند توانراوە هاوچەرخانە و نوێخوازانە ئەو کەرەسە فۆلکلۆرییانە تەوزیف**

**بکرێن بۆ داهێنانی دەقێکی ئەدەبی سەرکەوتوو؟**

– ئەگەر بەرهەمێک توانای بەسەردەمبوونی نەبێت کەواتە ئەوە دەقێکی بێ گیانە، ناکرێ دەقی مردوو زیندوو بکرێتەوە، ئەگەر لە بنەچەدا ئەو دەمارانەی نەمابێت، هەندێک لە نووسەران بەهەڵە لە هاوچەرخێتی گەیشتوون، چۆن دەتوانی شیعرێکی نالی بکەیتەوە سەردەم، چونکە خۆی توانای سەردەم بوونی هەیە. کەرەسە فۆلکلۆرییەکان جارێکی تر لە واقیع نزیک دەکرێنەوە لەو شوێنانەی کە بۆچوونەکانی مرۆڤایەتی پارێز بن پەیوەندییەکان لەگەڵ گرێی سەردەم شیدەکرێنەوە، بۆیە لای شاعیرە دیارەکانی کورد ئەو هاوچەرخاندنە بەرهەمی جوان و قەسیدەی هونەری سەرکەوتووی لێ کەوتۆتەوە، من لێرەدا زیاتر مەبەستم ئەفسانەو داستانە، چونکە ئەو بەشە قووڵانە دەتوانن تێکەڵی قەسیدەی شیعرین، من کە ئەم بیرورایە دەردەبڕم باسی چەندین شاعیرێکی سەرکەوتوو دەکەم نەک زۆربەی شاعیران. لای ئەوشاعیرانە تەواو دووبارە دروستکردنەوەی دەقێکی دیکەیە بەبنیاتی سەردەم نەک گۆڕانکاری لە سلووکییەتی پاڵەوان یان رووداوەکە بەرەواژ بکرێتەوە، زەبین دە مامەیارەی شێرکۆ بێکەس، قەڵای جولندی دڵشاد عەبدوڵلا، کەریم دەشتی لە زۆربەی قەسیدەکانی، نەوزاد رفعەت لە هەندێ حاڵەت و...).

لە ساڵانی حەفتا هەندێ هەوڵ هەبوون، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، هەشتاکان ناوجەنگەی ئەو گەڕانە بوو، من لەو باوەڕەدام دوای راپەڕین کۆمەڵێ قەسیدەی یەکجار باڵا لە لایەن کۆمەڵێ شاعیر بڵاوکراوەتەوە بەداخەوە هەڵوەستەی لەسەر نەکراوە یەخێرایی رەت بوون، بەها هونەرییەکانی نەخرایە بەر لێکۆڵینەوە و موناقەشەی شاعیران.

*** بۆچوونێک هەیە دەڵێ: نووسەرانی کورد زێتر پەنا دەبەنە بەر فۆلکلۆری گەلان، کەمتر ئاوڕیان لە هی خۆمان داوەتەوە، بەڕای تۆ ئەم پەنابردنە لاساییکردنەوەیە یان دەروەست نەهاتنی نووسەرانی کوردە لە تەوزیفکردنی کەلەپوورەکەیان؟**

– کوا نووسەری کورد ئاگایان لە فۆلکلۆری گەلانی ترە، بەپێچەوانەوە (ئەو نووسەرانە لە پەنجەی دەست رەت ناکەن) ئەوانیش زۆریان دەزانن چۆن مامەڵە دەکەن، لای خۆمان فۆلکلۆرەکە بەجوانی کۆنەکراوەتەوە، ئەوەی هەیە بری نووسەران ناشکێنێ، من دەپرسم کوا چەند دەقی ئەفسانەی کوردی و داستان و حەکایەتی جوان بڵاوکراوەتەوە؟ چەند نووسەر ئاگایان لە ئەفسانەو حکایەتەکانی ئێزیدی و کاکەیی، هەقە، زەردەشتی)یە؟ کوا دەقی هەزاران حیکایەتی کوردستانی تورکیا و ئێران و کوردەکانی سوریا و سۆڤیەت؟..

ئێمە لێرە تەنها چەند دەقێکی سواوەو دووبارەبووی کوردستانی عێراقمان لەبەر دەستە، بۆیە ئەگەر نووسەری کورد لە کەلەپووری مرۆڤایەتی سوود ببینێ یان کارێکی بەرزی لەسەر بنیات بنێ لە قازانجی ئەدەبیاتی کوردی دایە.

**دیمانە/ فەرەیدون سامان**